# راگەیاندراوی بەرەی گۆڕان سەبارەت بە ڕێپێوانەکانی ئەم دواییانەی شارەکانی کوردستان

کۆمەڵانی هەراوی خەڵکی کوردستان..

جەماوەری ستەمدیدەو بەشمەینەت ..

**قەیرانەکانی سووتەمەنی و نەبوونی کارەباو کەمی ئاو و خزمەتگوزاریەکانی دیکە ژیانی خەڵکیان قورس و گرانتر کردۆتەوە، گرانی بازاڕ بینەقاقای لە جەماوەر گرتووە، بەو هۆیەوە لەماوەی ڕۆژانی رابردوو لە هەندێک لە شارەکانی کوردستان بەمەبەستی ناڕەزایی دەربڕین لەبەرانبەر ئەو قەیرانانە خۆپێشاندان و ڕێپێوان سازکران، داوا لە لایەنە پەیوەندارەکان کرا کە وەڵامی روون و ئاشکرا بدەنەوە و هەوڵی چارەسەرکردنی قەیرانەکان بدەن، بەڵام بەداخەوە ئاکامی زۆربەی ئەو ڕێپێوانانە بە توندو تیژی تەواو بوون، پۆلیس و ئاسایش ویستوویان بە تەقە، بڵاوە بە خۆپێشاندەران بکەن ، خەڵک برینداربوون و زیانی ماددی بە دامودەزگاکان کە موڵکی گشتین، گەیشتن، دواتریش ژمارەیەک لە هەڵسووڕاوانی ئەو ڕێپێوانانە دەستگیرکراون و بڕیاریش وایە دادگەیی بکرێن ، لەم پێوەندییەدا ئێمە لە کۆمیتەی ئامادەکاری بەرەی گۆڕانی دیموکراتیدا پشتیوانی تەواو لە داخوازیەکانی جەماوەری ئازارچەشتوو دەکەین و بە خواستێکی رەوای دەزانین، خوازیارین کە حکومەت بەرسڤی ئەرێنی بە داخوازیەکان بداتەوە. لەدەستپێکدا داواکارین کە گیراوەکان ئازاد بکرێن و ئەو کەسانەش دەستگیر بکرێن کە تەقەیان لەخەڵک کردووە و برینداریان کردوون. ئێمە لەگەڵ داخوازیەکانی جەماوەردایین، خۆپێشاندان و ڕێپێوانی هێمنانە بە مافی رەوای خەڵک دەزانین، بەڵام لەگەڵ ئەوە دانین کە ئاراستەی خۆپێشاندانی هێمنانە بگۆڕدرێ و پەلاماری شوێنە گشتیەکان بدرێ و زیانیان لێبدرێ .**

**بەگوێرەی یاسا حکومەت پێبەندە بەوەی کە وەڵامی داخوازیەکانی جەماوەر بداتەوە و خزمەتگوازاریەکانیان پێشکەش بکات ،حکومەت دەبێ لەئاست خواستەکانی جەماوەردا بێتەوە، لەبەرانبەردا دەبێ خۆپێشاندان و ڕێپێوانەکان کە شێوازی خەباتی هاوچەرخ و مافی رەوای خەڵکن، بەشێوەیەکی رێک وپێک رێکبخرێن و لەچوارچێوەی یاسا بەڕێوەببرێن، چونکە ئەم شێوازی خەباتەش پێویستی بە هۆشیاری و لێزانی تایبەت هەیە ، لە کاتێکدا کە رەنگ لە ناڕەزایی دەداتەوەو خواستەکانی جەماوەر دەخاتەروو، لەهەمان کاتدا سیمای شارستانی و ئاستی فەرهەنگی ئەو کۆمەڵکەیەش پێشان دەدات، هەربۆیە زۆر پێویستە کە لە نێو ڕێپێوانەکاندا سیمای ژیاری و شارستانی کۆمەڵگەی کوردەواری بەشێوەیەکی ئەرێنی و باش پێشان بدرێن و ناشیرین نەکرێن. بۆ ئەم مەبەستە پێویستە بیر لە میکانیزمێکی کردەیی و سەردەمانە بکرێتەوە ، ئەگەر حکومەت ئامادەش نەبوو خواستەکان جێبەجێبکات ، نابێ ئاراستەی ڕێپێوانەکان بەجۆرێک بشکێتەوە کە زیان بە ناوبانگی نەتەوە و نیشتمانەکەمان بگەیەنێ، باشتروایە جەماوەر خۆیان ئامادەبکەن تا لە هەڵبژاردنەکاندا تۆڵەی خۆیان بکەنەوە و لێزانانە دەنگی خۆیان دەکاربکەن .**

**لەم پێوەندیەدا و بەمەبەستی چارەسەرکردنی قەیرانەکان داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین کە لێبڕاوانە هەنگاوی کردەیی هەڵبگرێتەوە و داخوازیەکانی جەماوەر لەبەرچاو بگرێ و جێبەجێیان بکات، چونکە کەمتەرخەمی کردن لە دابینکردنی پێداویستیەکانی رۆژانە و هەوڵنەدان بۆ تەواوکردن و دەستەبەرکردنی خزمەتگوزاریەکان ئاکامی خراپی لێدەکەوێتەوە و بە زیانی گشتی تەواو دەبێ.**

**کۆمیتەی ئامادەکاری**

**بەرەی گۆڕانی دیموکراتی کوردستان**

2006-8-8